# مۆرفيمی ( لا ) له ئاستی ڕێزمان و واتا له زمانی کوردیدا

د. باباڕەسوڵ نوری ڕەسوڵ

زانکۆی سەڵاحەددین

کۆلێژی پەروەردە / شەقلاوە

## پێشەکی:

مۆرفيمی (لا) لـه زمـانی کورديـدا، يەکێکـه لـه مۆرفيمـه چـالاك و بـه بەرهەمـەکان. پێـز (Profit) و بـه بەرهـەمی (Productivity) و ڕۆڵی ئەم مۆرفيمه له داڕشتنی گەلێك وشـه و دروسـتکردنی وشـەی نوێـدا، هـەروەها گرنگـی و شوێن و بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئەم مۆرفيمه له زماندا و بوونی فۆرمه هاوواتاکـان و واتـا جياوازەکـانی ئـەم مۆرفيمـە، جگە لەو ڕۆڵەی، که له بواری ڕێزماندا دەيگێڕێت، وای لێکردين، که پەنا بۆ ئەم لێکۆڵينەوە ببەين، کـه بەناونيشـانی مۆرفيمی (لا) و رۆڵی له ڕێزمانی کوردیدايه. ئامانجيشمان ئەوەيه که له سەنگ و بەهاو گرنگی و ئـەرکی ئـەم وشـەيه لەزماندا بگەين و لايەنه شاراوەکانی ئەم مۆرفيمه ئاشکرا بکەين و تيشکی بخەينەسەر.

بواری لێکۆڵينەوەکەش زياتر ئاسـتی ڕێزمـان و واتـای گرتۆتـەوە، لێکۆڵينەوەکـه زيـاتر دەکەوێتـه نـاو چوارچێوەی ديالێکتی کوردی ناوەڕاست و داتای بەکارهاتووی لێکۆڵينەوەکەش ڕسـتەی سـادەی ئاسـايی نـاو خـەڵك و هـۆنراوەی شاعيرانه.

له نووسينی ئەم لێکۆڵينەوەشدا، زياتر پەيڕەوی ڕێبـازی وەسـفی شـيکاريمان کـردووە، چـونکه نموونـەکانمان زيـاتر ئێستايين و هەروەها نموونەکانمان لەڕووی ڕێزمانی و واتايی شيکردۆتەوە.

گرنگی باسەکەشمان لەوەدايه، که تاکو ئێسـتا و ئەوەنـدەی ئێمـه ئاگـاداربين، لێکۆڵينەوەيـەکی زانسـتی سـەربەخۆ لەسەر ئەم بابەته نەکراوە و لايەنه ناديارەکانی به تەواوی ئاشکرا نەکراوە، هـەر بۆيـە ئـەم لێکۆڵينـەوە هەوڵێکـه بـۆ ناساندن و ديارکردنی ڕۆڵی ئەم مۆرفيمه لەزماندا.

ئەم لێکۆڵينەوە، جگه له پێشەکی و دەروازە و ئەنجام و ليستی سەرچاوەکان، له سێ بەش پێك هاتووە:

له بەشی يەکەمدا، که بەناونيشانی (مۆرفيمی ـ لا ـ له ئاستی مۆرفۆلۆجی) دايه، باس لـەم بابەتانـه کـراوە: چـەمك و زاراوەی مۆرفيمی (لا)، فۆرمه جياوازەکانی مۆرفيمی (لا)، مۆرفيمی (لا) و ڕۆڵی له دروستکردنی وشەی نوێدا.

له بەشی دووەميشدا، که بەناونيشـانی (مـۆرفيمی (لا) و ڕۆڵـی لـه ڕسـتەدا)يه، بـاس لـەم بابەتانـه کـراوە: ((ئـەرکی مۆرفيمی (لا) لەڕستەدا، مۆرفيمی (لا) ڕۆڵی له دروستکردنی فرێزدا، دووبارەبوونـەوەی مـۆرفيمی (لا)، مـۆرفيمی (لا) لەگەڵ پێشبەند و پاشبەندەکاندا، مۆرفيمی (لا) و فرێـزی و ديارخـەری، بەشـی سـێيەميش تـەرخانکراوە بـۆ لايـەنی واتاسازی مۆرفيمی (لا) که تێيدا باس له واتا جياوازەکانی ئەم مۆرفيمه و بونی دياردەی تەم و مژی له مۆرفيمەکـەدا کراوە .

**دەروازە:**

وشەسازی (مۆرفۆلۆجی)، کە لقێکی گرنگی ئاستی ڕێزمانە و بەشێکە لە ڕێزمانی زمان، لە ڕۆنانی ناوەوەی وشە دەکۆڵێتەوە، واتە وشەسازی لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی لێکدان و ڕیزبوونی مۆرفیمەکان لە فۆرمی وشەدا. (Radford: ١٩٩٧: ٢٥٦) مۆرفیم (Morpheme)یش، بچووکترین دانەی سادەی شیتاڵکاری مۆرفۆلۆجییە. (یوسف شەریف: ٢٠١٣، ٧).

مەبەست لە مۆرفیم، ئەو دانە ئەبستراکتەی زمانە، کە لەهەموو زمانەکاندا، هەست بە بوونی دەکرێت و خاوەنی چەمکێکە. هەر لەسەرهەڵدان و پەیدابوونی بیری مۆرفیمەوە، تاکو ئێستا چەندین پێناسەی بۆ کراوە، کە سەرەتاکەی بۆ ناساندنەکەی (بلومفێلد ـ Bloomfield) دەگەڕێتەوە، کە دەڵێت: ((مۆرفیم بچووکترین یەکەی واتاداری زمانییە)). (Bloomfield: ١٩٥٤: ١٦١)، ئەم پێناسەیە بوو بە بناغەیەك، بۆ ناساندنی چەمکی مۆرفیم ولە زۆربەی کارە مۆرفۆلۆجییەکانی دواتردا کراوە بە بنەمایەك بۆ دیاریکردنی چەمکی مۆرفیم و سنورەکەی[١].

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، مۆرفیم خاوەنی چەمکە، هەندێکیان چەمکی ڕێزمانی، دەگەیەنن و هەندێکی تریشیان فەرهەنگی ، کە دەشێ ئەم چەمکەیان بکرێتەوە پێوەر بۆ ئەوەی لە کێڵگەیەکی واتاییدا، کۆببنەوە. هەردوو چەمکەکەش بەشێوەیەکی وەك یەك لە مێشکدا بە ئەبستراکی هەڵگیراون و لەڕێگەی مۆرفەکانیانەوە بەرجەستە دەکرێن. هەر لە ڕێگەی چەمکەکانیانەوە، دەگونجێت مۆرفیمەکان پۆلینبکرێن و گروپی جیا جیایان لێ دروستبکرێت مۆرفیمی (لا)ش، هەردوو چەمکەکەی تیادا بەدیدەکرێت. (شێروان حسێن حمد: ٢٠١٤، ٢٥).

**بەشی یەکەم: مۆرفیمی (لا) لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا:**

**١ـ١: چەمك و زاراوەی مۆرفیمی ( لا ):** مۆرفیمی (لا)، مۆرفیمێکی سەربەخۆی ئامادەیە، لە زمانەکاندا، بەشێوەیەکی گشتی زیاتر بە واتای (کن) دێت، کە لە بنچینە و ڕێسای ڕێزمانیدا، دەخرێتە نێو بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵکاری شوێنییەوە...

مۆرفیمی ( لا ) کاتێك دەبێتە هۆی گۆڕانی ڕوخسار و ناوەرۆکی وشەیەك ، لە هەمان کاتدا خۆی هەر چەمکی ئاوەڵکاری دەگەیەنێت ، بە دەگمەن نەبێت کە ئەو کارە و حاڵەتە لە دەست دەدات...(ئەحمەد هیرانی: ٢٠٠٩ : ١٠)

بە بۆچوونی ئێمەش مۆرفیمی (لا) لەبنجدا مۆرفیمێکی سەربەخۆی پیادەکراو و ئامادەیە، بەشێوەیەکی گشتی بە واتای (کن) دێت و ئاماژە بە شوێن دەکات، بەڵام دەشێ وەکو مۆرفیمێکی وشە داڕێژیش وشەی نوێ دروست بکات.

مۆرفیمی (لا) لەڕستەدا، زیاتر لەگەڵ فرێزی کاریدا دەردەکەوێت و فرێزی کاری فراوان دەکات و واتای کاری ڕستە ڕووندەکاتەوە، هەندێ جار وەکو تەواوکار و هەندێ جار وەکو سەربار ڕۆڵ دەبینێت .

مۆرفیمی (لا)، ئامرازی نەرێی عەرەبییە و بەواتای (نەخێر، نا، نە) دێت، کەچی لە زمانی کوردیدا، هەروەك ئاماژەمان پێکرد، مۆرفیمێکە ئاماژە بە شوێن دەکات، بەڵام لەچەند نموونەیەکی کەمدا بەهەمان چەمکی زمانی عەرەبی هاتۆتە ناو زمانی کوردی و چەمکی نەرێ دەگەیەنێت، وەك: (لاشەڕ، لادین،... تاد). لەزمانی فارسیشدا، وەکو پێشگر بەکاردەهێنرێت و ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری نەرێ دروست دەکات[٥]. (لاشعور، لا مزهب، لا مکان،...) (حسن انوری، حسن احمد گیوی: ١٣٩٠، ٢٨٨).

مۆرفیمی (لا) لە زمانی کوردیدا، بەرانبەر بە وشەی (جنب، ناحیە) ، (جهە، عند، قرب)[٢] عەرەبی و وشەی (تا ـ Ta، رخ Rux)[٣] و (سو، جانب)[٤]فارسی بەکاردێت.

دەکرێت مۆرفیمی (لا) لە هەردوو لایەنی زمانەوانی و فەرهەنگی بخرێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە ، چونکە لە زمانی کوردیدا لە دوو شوێنی جیاواز فۆڕمی (وشە) ناوی دەبرێت ، ئەوانیش بریتین لە (زمانەوانی و فەرهەنگی) . (فاروق عمر:۲۰۱۳:۱۵۳)

**١-٢ : فۆرمە جیاوازەکانی مۆرفیمی ( لا ):** مۆرفیمی (لا) لەزمانی کوردیدا، فۆڕمی سەرەکییە ، بەڵام بە فۆڕمی گۆڕوی تری وەك : ( کن ، نك ، ڕەخ ، ئالی ، جەم ، لایەن ، دەفا ، دەڤ ، تەك، لوو ،پاڵ ، ...) یش لە ڕستە و دەقی شیعری و پەخشانیدا هاتووە . پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەم فۆڕمە جیاوازانەی مۆرفیمی ( لا ) لەئەنجامی بونی فرە دیالێکتی و شێوەزاری جیاجیاوە دروست بوونە . بەواتای ئەوەی هەر یەکێك لەم فۆڕمانەی سەرەوە لە دیالێکتێك یان شێوەزارێك بە کاردێت وەك: (لا، شێوەی ستاندارد / کن ، شێوەی سۆرانی / نك ، کرمانجی ژووروو ... هتد)

**١-٣ : ( لا ) وەکو مۆرفیمی وشەداڕێژ[٦] :**

مۆرفیمی (لا) وەکو مۆرفیمێکی ڕیشەیی (سەربەخۆ)، لە زۆربەی بارەکاندا، وەکو وشەیەکی سەربەخۆ بەدیاردەکەوێت و ئەرك دەبینێت، هەروەك ئاماژەشمان پێکرد، بە زۆری بەر خانەی بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵکاری شوێنی دەکەوێت و لە بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵکاردا دەبێت، بەڵام دەگونجێش وەکو بەشە ئاخاوتنی تر بەشداری لە داڕشتنی وشەی نادسادەی نوێدا بکات وشەی لێکدراو دروست بکات، وەك: (چوارلا، هەرلا، لالایی،... تاد).

دەگونجێش وەکو مۆرفیمێکی وشە داڕێژ لەگەڵ وشەی تردا، بەشداری لە دروستکردنی وشەی داڕێژراودا بکات، وەك: لاچوو، لابرد،... تاد. هەندێ وشەی سادە هەیە لە زمانی کوردیدا، لە هەندێ بەکارهێناندا، ڕووە و پێشگر یان پاشگر بوونەتەوە، وەك: (سەر، بەر، پێش، لا،... تاد). زمانەوانان لەبارەی ئەم مۆرفیمانەوە بۆچوونێکی یەکگرتوویان نییە، هەندێکیان لەو باوەڕەدان، کە ئەمانە تەنیا وشەی سادەن، هەندێکی دیکە وا دادەنێن، کە ئەم مۆرفیمانە وشەی سادەن، بەڵام لە هەندێك بەکارهێناندا وەکو پێشگر یان پاشگر خۆیان دەنوێنن. (ڕۆژان نوری: ۲۰۰۷، ۱۲۰).

بۆچوونی ئێمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونانە یەکدەگرێتەوە، کە پێی وایە ئەم مۆرفیمانە وشەی واتادارن، بەڵام لە سنورێکی تەسکدا دەتوانن وەکو پێشگر یان پاشگر خۆیان بنوێنن. ئەوەی گرنگ بێت لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە مۆرفیمی (لا) زۆر چالاکە لە یەکگرتنی لەگەڵ وشەی بەشە ئاخاوتنەکانی تردا بۆ دروستکردنی وشەی ناسادەی نوێ، هەر بۆیە وا لەخوارەوە یەکگرتنی مۆرفیمی (لا) و هەندێك لە بەشە ئاخاوتنەکانی تر بۆ دروستکردنی وشەی ناسادەی نوێ دەخەینەڕوو:

**١-٣-١ : مۆرفیمی ( لا ) و ( چاووگ ):** مۆرفیمی (لا) لەگەڵ چاووگدا یەکدەگرێت دەچێتە سەر چاوگ و چاووگی ناسادە دروست دەکات، لە چاووگەکانیش، هەموو جۆرەکانی کار دروست دەبێت، وەك: (لاچوون، لاکەوتن، لاهاتن، لابردن، لابوون، لانان، لادان، لاخستن، لاکرتن،... تاد): (لاچوو، لادەچێت، لاچۆ، ڕەنگە لابچێت، لامەچۆ،... تاد). بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر لەبارەی ڕۆڵی (لا) لە دروستکردنی کاری ناسادەدا، چەند نموونەیەك دەهێنینەوە:

- (ژیر بەدووی خۆشییەوە وێڵ نییە، بەڵکو خۆ لە ئازار و مەینەتی لادەدا). (سەردار سووسەیی: ۲۰۱٤، ۱۰۵).

- پارتە سیاسییەکان گەلیان وەلاناوە.

**١-٣-٢: مۆرفیمی (لا) و بەشە ئاخاوتنی (ناو):** مۆرفیمی (لا) وەکو مۆرفیمێکی وشەداڕێژ دەچێتە سەر بەشە ئاخاوتنی ناو و وشەی ناسادەی نوێ لە جۆری: (ناوی سادە، ئاوەڵناوی ناسادە، ئاوەڵکاری ناسادە) دروست دەکات، وەك:

١- ناوی سادە، وەك: (لادێ، لایەنگر، لاکێشە،... تاد).

٢- ئاوەڵناوی ناسادە، وەك: (لامل، لالووت، لاشەڕ،...تاد).

٣- ئاوەڵکاری شوێنی ناسادە، وەك: (لاپاڵ، لاجانگ، لاسەر،... تاد).

**١-٣-٣: مۆرفیمی (لا) و (ئاوەڵناو):** مۆرفیمی (لا) دەچێتە سەر بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناو و وشەی ناسادەی نوێی لە جۆری (ناوی ناسادە و ئاوەڵناوی ناسادە) دروست دەکات، وەك:

١- ناوی ناسادە، وەك: (لاڕەشە، لاسور،...تاد).

٢- ئاوەڵناوی ناسادە، وەك: (لاچەپ، لاتەریك، لاخوار،... تاد).

**١-٣-٤: مۆرفیمی (لا) و ئاوەڵکاری (ناوی شوێن):** مۆرفیمی (لا) لەگەڵ هەندێ ئاوەڵکاری (ناوی شوێن) یەکدەگرێت و ئاوەڵکاری شوێنی ناسادە دروست دەکات، وەك: (لاتەنیشت، لاشاخ، لاپاڵ، لالێو،... تاد).

**١-٣-٥: مۆرفیمی (لا) لەگەڵ (ڕەگ و قەدی چاووگ)دا:** مۆرفیمی (لا)، لە دروستکردنی (ناوی بکەری ناسادە و ئاوەڵناوی بکەری ناسادە) لەگەڵ ڕەگی کاردا چالاکە، بەتایبەتی لەگەڵ ڕەگی چاووگی تێپەڕ، بە دەگمەنیش لەگەڵ تێنەپەڕدا، وەك: (لاگرتن: لاگر، لابڕ، لادڕ، لادەر، لاخۆر، لابەر، لاکوت، لامژ،... تاد. (ڕەفیق محەمەد شوانی: ٢٠٠٨، ١٠٥ - ١٠٦).

دەشگونجێ مۆرفیمی (لا) بچێتە سەر قەدی چاووگ و وشەی ناسادەی نوێ دروست بکات، وەك: (لاسوتاو، لابرژاو،... تاد).

**١-٣-٦: مۆرفیمی (لا) لەگەڵ ژمارەدا:** دەگونجێ مۆرفیمی (لا) بچێتە دواوەی (ژمارە) و وشەی لێکدراوی نوێ دروست بکات، وەك: (سێ لا، چوارلا،... تاد).

**١-٣-٧: مۆرفیمی (لا) لەگەڵ مۆرفیمی (بێ)دا:** مۆرفیمی (لا) وەکو پاشگر دەچێتەسەر مۆرفیمی (بێ) و ئاوەڵناوی نادەی (بێ لا) دروست دەکات، وەك: (بێ لام لە هەموو کارێکی ڕامیاریدا). بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر لەبارەی ڕۆڵی مۆرفیمی (لا) لە دروستکردنی وشەی ناسادەی نوێ و چالاکی یەکگرتنی لەگەڵ بەشە ئاخاوتنەکانی تر، وا لە خوارەوە هەندێك نموونەی ڕستە و دەقی شیعری و پەخشانی دەهێنینەوە:

- لاملی لەگەڵ مامۆستا مەکە. (لا ملی کردن).
- پیاوی لامل لەگەڵ خەڵکیدا هەر ژێرکەوتووە. (لامل: ئاوەڵناو).
- ئازاد هەمیشە لاپەڕ دادەنیشێت. (لاپەڕ: گۆشەگیر: ئاوەڵکار).

- کچەکەم داوای لاسەرەم لێ دەکات. (لاسەرە: ناوە، بەرکارە).
- کاکم دوو ڕۆژە لێم لالووتە. (لالووت: ئاوەڵناوە، تەواوکەری کاری ناتەواوە).
- پیاوەکە لاڕەشەی لە جەرگی هاتووە. (لاڕەشە: ناوە، تەواوکارە).
- لاجانگی هیوا سورهەڵگەڕاوە. (لاجانگ: ئاوەڵکارە).
- دێی لاسور، دێیەکی خۆشە.
- سەدای لاوهەی لاو زڕەی زەڕ زنجیر

سلسلە و پانی سەر بەنزرێ و لاگیر. (ئەحمەد هیرانی: ٢٠٠٩أ:١٧ ).

**بەشی دووەم:سینتاکسی مۆرفیمی (لا):**

**٢ـ١: ئەرکی مۆرفیمی ( لا ) لەڕستەدا:** مۆرفیمی (لا)، چ بەتەنیا، چ لەگەڵ وشەی تردا، کە بەشداری داڕشتنی وشـەی ناسادە دەکات، زیاتر لە ئەرکی ئاوەڵکاردا دەبێت، ئینجا سەرباربێت یان تەواوکار، بەڵام دەکرێت ، وەکـو نـاو ئـەرك ببینێ و ببێتە (بکەر، نیهاد، بەرکار،... تاد)، هەروەها دەگونجێش ببێتـە دیارخـەر، یـان تـەواوکاری کـاری ناتـەواو، هەروەك لەم نموونانەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

١ـ مۆرفیمی (لا) وەکو وشەیەکی دیارخراو دەگونجێ ئەم ئەرکانە ببینێت:

- هەندێك لا باسی دوو ئیدارەیی دەکەن. (لا: دیارخراوە، بکەرە).
- هەندێك لا لە ئاستی نیشتیمانیدا دڵسۆزنین. (لا: دیارخراوە، نیهادە).
- هەندێك لا لەلایەن دوژمنەوە پاڵپشتی دەکرێن. (لا: دیارخراوە، جێگری بکەرە).
- هەندێك لام خەڵاتکردن. (لا: دیارخراوە: بەرکاری ڕاستەوخۆیە).
- هانام بۆ هەندێك لابرد. (لا: دیارخراوە: بەرکاری ناڕاستەوخۆیە).
- کەم و کوڕییەکان لە هەندێك لابوون. (لا: تەواوکەری کاری ناتەواوە).
- لەلای هەندێك لاوە کورد پارچە پارچەکراوە. (لەلای هەندێك لاوە: فرێزی بەندە و سەربارە).
- بۆچوونی هەندێك لا ڕوون نییە. (فرێزی ((هەندێك لا)) دیارخەری وشەی (بۆچوون)ە.

٢ـ مۆرفیمی (لا) وەکو دیارخەر: وشەی لا، وشەیەکی بەپێزە.

٣ـ مۆرفیمی (لا) وەکو ئاوەڵکار (سەربار): مامۆستا لای من دانیشت.

٤ـ مۆرفیمی (لا) وەکو تەواوکەری کاری ناتەواو: ئەمە مۆرفیمی لایە.

**٢ـ٢: مۆرفیمی ( لا ) و ڕۆڵی لە دروستکردنی فرێزدا[٧] :**

پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان مۆرفیمی (لا) و بەشەکانی ئاخاوتندا هەیە. مۆرفیمی (لا) لەگـەڵ بەشـە ئاخاوتنـە جیـا جیاکاندا یەکدەگرێت و وشەی ناسادەی نوێ و فرێزی جۆراوجۆر دروست دەکات. لە بەشی یەکەمدا، بەدرێـژی باسـی ڕۆڵی مۆرفیمی (لا)مان لە دروستکردنی وشەی ناسادەی نوێدا کرد. دەمانەوێت لـەم بەشەشـدا، باسـی ڕۆڵی مـۆرفیمی (لا) لە دروستکردنی فریزدا بکەین، چونکە مۆرفیمە بەشێوەیەکی چالاك لەگەڵ بەشە ئاخاوتنەکانی تردا یەکدەگرێت و گرێ (فرین) دروست دەکات، هەروەك لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

**٢-٢-١: مۆرفیمی ( لا ) لەگەڵ جێناوە کەسییە لکاوەکاندە:**

مۆرفیمی(لا) تەنیا دەستە جیناوە لکاوی (م، ت، ی، ما، تان، یان) پێوە دەلکێت، و بەزۆری بەیەکەوە گرێیەکی ئاوەلکاری شوێنی دروست دەکەن، ئەم گرێیە ئاوەلکارییەش، دەگونجێ لە شێوەی فریزی بەند بێت، یان لە شێوەی فریزی بەندا نەبێت. لەم گرێیە ئاوەلکارییەشدا، مۆرفیمی(لا) دەبێتە دیارخراو و جیناوە لکاوەکانیش دەبنە دیارخەر، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- ئەم شەو لاتان دەمێنمەوە.
- بەیانی دێمە لات (بەیانی دێمە کنت).
- کەمێك لەلایان دەمێنمەوە.

**٢-٢-٢: مۆرفیمی ( لا ) و جێناوی کەسی سەربەخۆ:**

مۆرفیمی(لا) لە ڕستەی زمانی کوردیدا لەگەڵ جێناوە کەسییە سەربەخۆکان لە پاڵ یەکتردا دەردەکەون ، گرێیەکی ئاوەڵکاری دروست دەکەن، ئەم چونە پاڵ یەك و گرێ پێکهێنانەش بە زۆری بەیارمەتی ئامرازی دانەپاڵی (ی، ە)ەوە، دەبێت، پەیوەندییەکەش لەسەر بنچینەی دیارخەر و دیارخراودا دەبێت، وەك:

- من لای ئەو دەخوێنم.
- بڕۆ لای ئەوان.
- دەچمە کنەوان (ئەوان).
- قەلەمەکە لای منە.

**٢-٢-٣: مۆرفیمی ( لا ) لەگەڵ جێناوی خۆیدا:** مۆرفیمی (لا) لەگەڵ جێناوە خۆییەکانی وەك: (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان،... تاد) یەکدەگرێت و بەیارمەتی ئامرازی دانەپاڵ، گرێیەکی ئاوەڵکاری پێکدەهێنن و واتای کاری ڕستە تەواو دەکەن، کە تیایدا، جێناوە خۆیەکە دەبێتە دیارخەری مۆرفیمی (لا)، یان وەکو گرێیەکی ناوی شوێن ئەرك دەبینن و تیادا گرێیەکی ناوییە شوێنیەکە دەبێتە دیارخەری ناوێك، وەك:

- کوڕەکە بۆلای خۆیان دەبەمەوە. (خۆمان: دیارخەری مۆرفیمی (لا)یە).
- نهێنییەکە لای خۆم دەهێلمەوە. (خۆم: دیارخەری مۆرفیمی (لایە)
- پارەکە لەکنە خۆت بشارەوە. (خۆت: دیارخەری مۆرفیمی (کن)ە).
- پارەکەی لای خۆم دەبەمەوە. (لای خۆم: دیارخەری ناوە (پارە)یە).

**٢-٢-٤: مۆرفیمی ( لا ) لەگەڵ ( جێناوی نادیار و ئاوەڵناوی نادیار )دا:**

مۆرفیمی (لا) لەگەڵ فۆرمە نادیارەکاندا، بەدوو شێوە دەردەکەوێت، شێوەیەك تیادا فۆرمە نادیارەکە پێش مۆرفیمی (لا) دەکەوێت بەبێ یارمەتی ئامرازی دانەپاڵ، دەبێتە دیارخەری مۆرفیمی (لا) و بەهەموویان فرێزێك پێکدەهێنن و واتای کار تەواو دەکەن، وەك:

- هەموو لا دەزانین، کە کوردستان پارچە پارچەکراوە.
- زۆرلا گەڕاوم، لە هەولێر خۆشترم نەبینیوە.

لە شێوەکەی تریشدا، فۆرمە نادیارەکە لەدوای مۆرفیمی (لا) دێت و بەیارمەتی ئامرازی دانەپاڵی (ی) دەبێتە دیارخەری مۆرفیمی (لا)یەکە، وەك:

- لای هەمووان ڕوونە، کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.
- نهێنیەکەم لای کەس باس نەکردووە.
- خەڵاتەکە لای فلان دابنێ.

**٢ـ٢ـ٥: مۆرفیمی ( لا ) لەگەڵ ژمارەدا:** مۆرفیمی (لا) لەگەڵ بەشە ئاخاوتنی ژمارەدا یەك دەگرێت و فرێزی ئاوەڵکاری پێکدەهێنن و واتای کار تەواو دەکەن، ئەگەر ژمارەکە ژمارەی بنجی بێت، ئەوا بەبێ یارمەتی ئامرازی دانەپاڵ گرێیەکە دروست دەبێت، وەك:

- دوژمن لەچوار لاوە هێرشی هێناوە.
- لایەکمان ئاوە و سێ لاشمان ئاگر.
- نهێنی لای یەکێ دابنێ و پرست لای هەزار. ئەم دەقە لە ئاستی ژێرەوە بەم شێوەیەیە (نهێنی لەلای یەکێك دابنێ و پرست لەلای هەزار کەس بێت) .
- بەرنامەی دوو ئالی، بەرنامەیەکی بەسودە. دوو ئالی: دیارخەری ناوی (بەرنامە)یە

ئەگەر ژمارەکەش، ژمارەیەکی ڕێکخستن بێت، ئەوا دەگونجێت مۆرفیمی (لا)، کە بەشێوە و واتای (لایەن) خۆی دەردەخات، بەیارمەتی ئامرازی دانەپاڵ لەگەڵ ژمارەکە فرێز پێکبهێنین، وەك:

- دەبێت لە گفتوگۆکاندا، لایەنی سێیەم بوونی هەبێت.
- لایەنی یەکەم سەردەکەوێت.

دەکرێت ژمارەکە لەسەرەتادا بێت و بەبێ یارمەتی ئامرازی دانەپاڵ ببێتە دیارخەری مۆرفیمی (لا) یەکە و بەهەمووشیان فرێزێك دروست بکەن، وەك:

- یەکەم لایەن سەردەکەوێت.
- دەبێت سێیەم لایەن لە گفتوگۆکاندا بوونی هەبێت.

**٢ـ٢ـ٦: مۆرفیمی ( لا ) لەگەڵ وشەی پرسدا:** دەگونجێت وشەی پرس و مۆرفیمی (لا) بەیەکەوە گرێیەکی ئاوەڵکاری پێکبهێنن و واتای کار تەواوبکەن، ئەگەر مۆرفیمی (لا) پێش وشە پرسەکە بکەوێت، ئەوا دانەپاڵەکە بە یارمەتی ئامرازی دانەپاڵ دەبێت، بەڵام ئەگەر وشە پرسەکە پێش مۆرفیمی (لا) کەوت، ئەوا دانەپاڵەکە بەبێ یارمەتی مۆرفیمی دانەپاڵ دەبێت، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- خەڵاتەکە لای کێ دابنێم؟
- دزەکە لەلای کێ گیراوە؟
- کام لا هەڵدەبژێریت؟
- چەند لایەن بەشداری کۆبوونەوەکە دەکەن؟

**٢ـ٢ـ٧: مۆرفیمی ( لا ) و وشه‌ی نیشانه‌:** مۆرفیمی (لا) له‌گه‌ڵ جێناوی نیشانه‌ و ئاوه‌ڵناوی نیشانه‌ یه‌ك ده‌گرێت و فرێزێكی ئاوه‌ڵكاری دروست ده‌كه‌ن، وه‌ك: (ئه‌م لایه‌، له‌ملا، له‌ولاوه‌، لای ئه‌مانه‌، له‌كن ئه‌مانه‌،...) كاتێك مۆرفیمی (لا) ده‌كه‌وێته‌ نێوان دوو كه‌رتی ئاوه‌ڵناوی نیشانه‌ و گرێی ئاوه‌ڵكاری پێكده‌هێنن و واتای كاری ڕسته‌كه‌ ته‌واو ده‌كه‌ن، به‌ڵام له‌ناو فرێزه‌كه‌دا، ئاوه‌ڵناوی نیشانه‌كه‌ ده‌بێته‌ دیارخه‌ری مۆرفیمی (لا)یه‌كه‌، وه‌ك:

- ئه‌م لایه‌نانه‌ هیچیان بۆ به‌رژه‌وه‌ندی میلله‌ت كارناكه‌ن.
- ئه‌م له‌م لا هات و ئه‌و له‌ولا ده‌رچوو.

ده‌كرێت مۆرفیمی (لا) له‌گه‌ڵ جێناوی نیشانه‌ بێت و فرێز پێكبهێنن، به‌ڵام مۆرفیمی (لا) یه‌كه‌ ده‌چێته‌ پێش جێناوه‌ نیشانه‌كه‌، له‌ فرێزه‌كه‌شدا، جێناوه‌ نیشانه‌كه‌ ده‌بێته‌ دیارخه‌ری مۆرفیمی (لا)یه‌كه‌، وه‌ك:

- له‌كن ئه‌مانه‌ نان ده‌خۆم.
- لای ئه‌مانه‌ به‌رژه‌وه‌ندی میلله‌ت گرنگ نییه‌.

**٢ـ٢ـ٨: مۆرفیمی ( لا ) و ناوی كات و شوێن ( ئاوه‌ڵكاری ناوی ):** مۆرفیمی (لا) له‌گه‌ڵ ئاوه‌ڵكاری ناوی كات و شوێن دێت و نزیكی كات و شوێنی ڕوودانی كاری ڕسته‌كه‌ دیاری ده‌كات، به‌ڵام نه‌ك به‌ته‌واوی، وه‌ك له‌م نموونانه‌ی خواره‌وه‌ ڕوونكراوه‌ته‌وه‌:

- من لای نیوه‌ڕۆ سه‌رتان لێ ده‌ده‌م. (هیدایه‌ت عه‌بدوڵڵا: ١٩٩٣، ٧٤).

له‌م ڕسته‌یه‌دا، گرێی (لای (نیوه‌ڕۆ)، كاتی ڕوودانی كاره‌كه‌ به‌ نزیكی نه‌ك به‌ ته‌واوی نیشان ده‌دات. له‌ گرێیه‌كه‌شدا، (نیوه‌ڕۆ) ناوی كاته‌و دیارخه‌ری مۆرفیمی (لا)یه‌.

- نانه‌كه‌م له‌لای داره‌كه‌ داناوه‌. (له‌لای داره‌كه‌) شوێنی (نانه‌كه‌) به‌ نزیكی دیاری ده‌كات.

**٢- ٢-٩: مۆرفیمی ( لا ) له‌گه‌ڵ پێشبه‌ند و پاشبه‌ندا ( مۆرفیمی ـ لا ـ له‌گه‌ڵ فرێزی به‌نددا ):**

مۆرفیمی (لا)، به‌شداربوویه‌كی چالاكی فرێزی به‌نده‌ و به‌زۆری به‌ یارمه‌تی وشه‌یه‌كی تره‌وه‌ ده‌بێته‌ ته‌واوكه‌ری سه‌ره‌ی فرێزبه‌ند، كه‌ پێشبه‌نده‌كانن. وشه‌ یارمه‌تیده‌ره‌كه‌ش ده‌شێ یه‌كێك له‌م وشانه‌بێت: (ناو، جێناو، وشه‌ی پرس، ژماره‌،... تاد). واته‌ به‌ پێشبه‌ند و مۆرفیمی (لا) و وشه‌یه‌كی تری وه‌ك دیارخه‌ر، فرێزه‌ به‌نده‌كه‌ پێكدێت. زۆر به‌كه‌می پێشبه‌ند و مۆرفیمی (لا) به‌ته‌نیا ده‌توانن فرێزی به‌ند پێكبهێنن.وه‌ك :

- ڕاپۆرته‌كه‌م بۆ لایه‌نه‌كان خوێنده‌وه‌. (بۆ لایه‌نه‌كان: فرێزی به‌ند و سه‌رباره‌).
- دوژمن له‌ چوارلاوه‌ هێرشیان هێناوه‌. (له‌چوارلاوه‌: فرێزی به‌نده‌ و سه‌رباره‌).
- كوڕه‌كه‌ له‌لای منه‌. (له‌لای من: فرێزی به‌نده‌ و ته‌واوكه‌ری كاری ناته‌واوه‌).
- پاره‌كه‌م له‌لای ئه‌وانه‌ داناوه‌ (له‌لای ئه‌وانه‌: فرێزی به‌نده‌ و سه‌رباره‌).
- له‌م لاشیوه‌ن و گریان، له‌ولاش هه‌ڵپه‌ڕكێ. (له‌ملا، له‌ولا، فرێزی به‌ندن).

له‌سه‌رێكی تره‌وه‌، ده‌گونجێ له‌ هه‌ندێ باردا و له‌ ئاستی سه‌ره‌وه‌دا، پێشبه‌ند (پریپۆزشن) له‌ فرێزی به‌ندی پێكهاتو به‌هۆی مۆرفیمی (لا) به‌دیارنه‌كه‌وێت، به‌ڵام له‌ ئاستی ژێره‌وه‌دا، هه‌ر بوونی ده‌بێت، وه‌ك:

- دڵم لای پێشمه‌رگه‌یه‌. (واته‌: دڵم له‌لای پێشمه‌رگه‌یه‌).
- پرسیاره‌كان لای مامۆستابوو. (واته‌: پرسیاره‌كان له‌لای مامۆستابوو).

پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەو فرێزە بەندانەی بەهۆی مۆرفیمی (لا) و پێشبەند و پاشبەندی (ەوە) دروست دەبن، شوێن و نزیکی نیشان دەدەن، وەك:

- من لەلای ئەوانەوە دەخەوم.
- ئەو لەلای دیوارەکەوە دانیشتووە.

لەم بارەشدا دەکرێت پێشبەند و پاشبەندەکە لابدرێت، وەك:

- من لای ئەوان دەخەوم.
- ئەو لای دیوارەکە دانیشتووە.

**٢-٢-١٠: مۆرفیمی (لا) لە فرێزی دیارخەریدا:** (( دیارخەر: کەرستەیەکی ناسەرەکی فرێزە ، کە چۆنییەتی یان حالەتێك یان ڕونکردنەوەیەك لەبارەی سەرە(دیارخراو) ەکە ، ڕادەگەیەنێت . دتوانرێت لە ناو فرێزەکە لا بدرێت بێ ئەوەی فرێزەکە تێکبچێت))(ساجدە عبداللە فرهادی:٢٠١٤:٢١) . بە بۆچونی ئێمەش فرێزی دیارخەری بریتییە لەو جۆرە فرێزەی کە تیایدا، کەرسەیەك بە یارمەتی ئامرازی دانەپاڵ یان بەبێ یارمەتی ئامرازی دانەپاڵ دەبێتە دیارخەری کەرسەیەکی تر، بەزۆریش ئەگەر دیارخەر لەسەرەتا هات، ئەو پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ نابێت.

دەگونجێش مۆرفیمی (لا) بەیارمەتی وشەیەکی تر، فرێزی دیارخەری دروست بکات، بەڵام لەزۆربەی بارەکاندا، مۆرفیمی (لا) دەبێتە دیارخراو و کەرسەیەکی تر دەبێتە دیارخەر، دیارخەرەکانی مۆرفیمی (لا)ش، دەشێ یەکێك لەم وشانەبێت: (ناو، جێناو بەهەموو جۆرەکانی، ئاوەڵناو، وشەی نیشانە، وشەی پرس، ژمارە،... تاد). هەروەك لەم نموونانەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

- کاتێك نهێنی لای ئافرەتێك دەدرکێنی، واتە ئەوەی درکاندت، نهێنی نەبووە. (سەردار سووسەیی، ٢٠١٤، ٨) ناو بۆتە دیارخەری مۆرفیمی ـ لا .
- ئەوەی هەمیشە لای من ئاڵۆزبووە، ئەوەیە، کە مرۆڤ نابێتە دیلی چارەنووسی خۆی، بەڵکو زۆر بە ئاسنی دەبێتە دیلی خولیا و ئارەزوو هۆشی خۆی. (سەرچاوەی پێشوو: ٨١). جێناوی سەربەخۆ بۆتە دیارخەری مۆرفیمی لا .
- هاوڕێیەتی پیاوی گێل مەکە، چونکە کردەوەکانی لات جوان دەکات و پێی خۆشە تۆش وەك ئەوبیت. (سەرچاوەی پێشوو: ١١١) . جێناوی لکاو دیارخەری مۆرفیمی ـ لا ـ یە
- لای ڕاستم بە ئازارە. ئاوەڵناو بۆتە دیارخەری مۆرفیمی لا .

لە فرێزی دیارخەریدا، بە زۆری ئامرازی دانەپاڵی (ی) لەگەڵ مۆرفیمی (لا) بەکاردێت و زۆر بەکەمی ئامرازی دانەپاڵی (ە) بەکاردێت. ئەم ئامرازە زیاتر لەگەڵ (کن) بەکاردێت، ئامرازی دانەپاڵی (ی) لەگەڵ فۆرمی (کن) لە دۆخی خستنەپاڵیدا بەکارنایەت، هەروەك لەم نموونانە ڕوونکراوەتەوە.

- ئەوان دێنە لای من.
- ئەوان دێنە کنە من.
- لای من هەموو شتێك بڕاوەتەوە.
- ئەوان هاتنە کنەمە.
- خەڵاتەکەم لای باوکم داناوە.

**٢-٣: دووبارەبوونەوەی مۆرفیمی (لا):** ئاشکرایە دووبارەبوونەوەی هەر وشەیەك وەك خۆی یان دووبارە بوونەوەی بەهۆی فۆرم و ئامرازی ترەوە، وشەی ناسادەی نوێ ساز دەکات، یان فرێزێك دروست دەکات. مۆرفیمی (لا)ش ئەم دیاردەی تیادا ڕوودەدات و بەپێی هاتنی لە ڕستەدا، ئەرکی جیا جیا دەبینێت، وەك:

- لە ڕۆیشتنا لالا دەچم. واتە هەر جارەی بەلایەکا دەچم و دەکەوم.
- لابەلا سەردانی خزمان دەکەم. واتە ناوە ناوە سەردانی خزمان دەکەم.
- خوت لەکاری لابەلادا هەڵمەسوو. واتە خۆت لەکاری سەرسەخت و نەگونجاو هەڵمەسوو.
- لەسوچێکی باغەکەدا، بۆخۆم لابەلا دادەنیشم. واتە لە سوچێکی باغەکەدا، بۆ خۆم بەتەنیا و دوور لەکەس دادەنیشم. (ئەحمەد هیرانی: ٢٠٠٩ : ب، ١١).
- نە لەژیان و نە لەبیروباوەڕدا، لالایم نەکردووە. لالایی بە واتای مەرایی و لەگامی و ڕیایی دێت.
- یاخوا لالابێت دایێ. واتە یاخوا قسەت پێنەکرێت. (شێخ محەمەدی خاڵ: ٢٠٠٧، ٤٢٤).

**بەشی سێیەم : مۆرفیمی ( لا ) لە ئاستی واتاسازیدا :**

مۆرفیمی ( لا ) یەکێکە لە مۆرفیمە ڕوونەکان، چونکە واتاکەی ئاڵۆز نییە و بە ئاسانی هەست بە واتاکەی دەکەین و لای زۆربەی قسەکەرانەوە واتاکەی ئاشکراو ڕوونە. هەرچەندە بەپێی هاتنی بەسەربەخۆیی، یان هاتنی لەگەڵ وشە و فۆرمی تردا، بۆ دروستکردنی وشەی ناسادە، یان هاتنی شوێنی جیا جیای ڕستەدا و دەرکەوتنی لە ژینگە و دەوروبەری جیاوازدا، واتای جیا جیا دەبەخشێت، واتە ئەم مۆرفیمە بەپێی هاتنی لەناو پێکهاتە ڕێزمانییەکاندا، واتای دەگۆڕێت، ئەگەر بەتەنیابێت چەند واتاو ئەرکێکی دەبێت و ئەگەر بەشێکیش بێت لە وشەی ناسادە، یان ئەگەر بەشێك بێت لە پێکهاتەی ئیدیۆمی، واتای دیکە دەبەخشێت. بۆ نموونە ئەگەر بەتەنیا بێت، زیاتر وەکو ئاوەڵکاری شوێنی ئەرك دەبینێ و بەواتای (تەنیشت، ئاڕاستە، بەش، نیوە،... تاد) دێت. لە وشەی ناسادە و پێکهاتەی ئیدیۆمیشدا، بەپێی جۆری وشەکەو هاتنی لە ناو ڕستەدا، واتای جیا جیا دەبەخشێت:

لا بەلا: واتای (پێچ و پەنا) دەگەیەنێت.

لامل: واتای (بەشێك لە مل، نەساز و سەرسەفت و کەلە ڕەق) دەگەیەنێت.

بەلا داهاتن: واتای (بێ هۆش کەوتن) دەگەیەنێت... (Taufiq wahbe: ١٩٦٦,٨١).

**١-٣: مۆرفیمی ( لا ) و واتای فەرهەنگی :**

لە فەرهەنگیشدا، مۆرفیمی (لا) وەك هەر وشەیەکی تری زمان، بەشێك لە واتاکانی لێکدراونەتەوە و ئاماژە بە چەندین پێکهاتەی نوێی کراوە، کە بەیارمەتی ئەم مۆرفیمە دروستکراون، وا لە خوارەوە هەندێك لە واتاکانی مۆرفیمی (لا) دەخەینەڕوو:

١- سەر: (بردوومەتە سەر وەستا).

٢- ڕەخ، ئالی: (کەرەمکە ئالی مەڕونێ).

٣- نەساز و سەرسەخت: (کابرایەکی لایە، هەر ناسازێ).

٤- توێ، ناو: (لۆکەکەم خستۆتە لاکەیەوە).

٥- نیوە: (لایەکی لەلایەکی زلترە).

٦ـ کن، نك، جەم.

٧ـ نا فەرمانی: (تۆ هەرچی بفەرمووی، من لام نیم).

٨ـ دووره پەرێز و بێ تەرەف: (من لەو کارانە لام).

٩ـ فەرمان بەدوورکەوتنەوە: (توخوا سەری خۆت لا).

١٠ـ خوار، خێچ: (من دەڵێم سەرێکی ئەم دیوارە لایە).

١١ـ یاریدە، ئاریکار: (لەم کێشەیەدا، من لای تۆ دەگرم). (هەژار: ١٣٨٨، ٤٠٦ ـ ٧٤٧).

١٢ـ لا: وتەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ لاچوونی یەکێك لەلات، وەك: لاچۆ(بچولاوە) .

١٣ـ تەنیشت: وەرە لام.

١٤ـ شتێکە، کە کلا کەوتبێ: (نەوزاد لایە لە هەراو ئاژاوە).

١٥ـ لۆنە: (ئەم کشتەکە دوو لایە). (شێخ محەمەدی خاڵ: ٢٠٠٥، ٤٢١).

١٦ـ لا: لە مۆسیقادا، ناوی چوارەمیش نۆتەیە. (محەمەد ناهید: ٢٠١١، ٦١٥).

١٧ـ لا: دەڤ، لە هەندێ باریشدا، بە (دەف)یش، لە ڕستەدا خۆی دەردەخات، وەك: (هوین دێ هین دەف وان).

١٨ـ لا: بێەلا، دەلا، لوو، توو: (بنەێ لای سەروە نەگەد). دیم، تەوەق: (یەێ لا، دولا) / هێر، چیتر: (لاوەنەکرد)، لەت: (لالێ برێ)/ سەمت، سوو: (لابان، لاخوار)/ لائین. (عەباسی جەلیلیان: ٢٠٠٤، ٥٨٩).

لەم فەرهەنگانەشدا، چەندین وشەی نوێی سازبوو بە هۆی مۆرفیی (لا) خراونەتە ڕوو، لەوانە :

((لابار، لابردن، لابەلا، لابەر، لاتەریك، لاتەنیشت، لاچین، لاپەڕ، لاپەڕە، لابەلایی ،لاچوون، لاپاڵ، لادان، لاخستن، لاڕێ، لاخوار، لادێ، لادەر، لادەست، لادار، لادە، لاسور، لاسورە، لاسەرە، لاسەنگ، لاشاخ، لاشەڕ، لاشکاو، لاگرتن، لاکردن، لاکوتن، لاکێش، لالاکردن، لالاگرتن، لاگیر، لاگیرە، لاگیری، لامل، لالەپ، لامژ،... تاد)). (هەژار: ١٣٨٨، ٧٤٧ ـ ٧٥٥).

((لاپاروو، لاڕەسەن، لاپلار، لاپوولە، لاڕەشە، لا تەریزە، لاچەنە، لاجڵەو، لاجانگ، لاجامە، لاشان، لالوون، لابڕ،... تاد)). (شێخ محەمەد خاڵ: ٢٠٠٥، ٤٢١ ـ ٤٢٥).

((لاپرسەن، لاباز، لاساوە، لادەست، لاگوێل، لاکێڵ،... تاد)) (محەمەد ناهید: ٢٠١١، ٦١٥ ـ ٦١٨).

((لائاز تەیرە، لاچۆ، لاپلای، لاپالۆ، لاچەم، لاچاڵ، لاچاك، لای وای، لادڕ، لاڕوو، لاشو، لاقوون، لاکۆ، لاما، لامەزەب،... تاد)) (جمال حبیب الله: ٢٠١٠، ٨٣٥ ـ ٨٤٥). ئەم وشانەش بەرخانەی بەشە ئاخاوتنی جیا جیا دەکەون، وەك: (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار،... تاد)، کە لە داهاتوودا، بەدرێژی باسیان لێوە دەکەین.

## ٢-٣: واتا جیاوازەکانی مۆرفیمی ( لا ) :

ئەم مۆرفیمە لە زمانی کوردیدا ، بە گەلێك واتای جیاواز لە ناو ڕستە و دەقی شیعری و پەخشاندا هاتووە ، لەوانە :

- (نالی) دەڵێت: گوتم: ئایا بەزاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟

برۆی هێنایە یەك، وەك شکلی (لا) یەعنی کە بێزارم. (دیوانی نالی: ١٩٧٦، ٢٧١).

لەم دێرە هۆنراوەدا، نالی شاعیر مۆرفیمی (لا)ی، وەکو شێوە و فۆرم وەرگرتووە و بەکاریهێناوە، نەك وەك لایەنی ڕێزمانی، کە تیایدا برۆی یارەکەی بەشێوەی مۆرفیمی (لا) چواندووە، واتە ـ لا ـ (لەوچووە) و هێنانەوەیەکی برۆی یارەکەشی (لێ چووە).

هەروەها لەم دێرە هۆنراوەدا، مۆرفیمی (لا) هاو واتای (کن) نییە و ناتوانین (کن) لەبری (لا) بەکاربهێنین، چونکە لێرەدا (لا) بەواتای (نەخێر) بەکارهاتووە.

– دیسانەوە (نالی) دەڵێت:

دەچێ بۆ لای ڕەقیب، خۆشە، وەلێ ئەو داغە کوشتومی

لەکن ئەو چەندە مەجبورە، لەلای من چەندە مەغرورە. (دیوانی نالی: ٤٠٨).

لەم دێرە هۆنراوەدا، مۆرفیمی (لا) و مۆرفیمی (کن)، ئاوەڵکاری شوێنین و هاوواتان و دەتوانرێ لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن. لەهەر سێ شوێنەکەشدا (بۆ لای ڕەقیب، لەکن ئەو، لەلای من)، مۆرفیمی (لا) بەشێکە لە فرێزی بەند و فرێزی بەندی دروستکردووە.

(بێ کەس) دەڵێت:

بەنێری ئەژیم هەتاکو ماوم

ئەبەد لانادەم لەسەر ڕێگەی حەق. (دیوانی بێکەس: ١٩٨٦، ١٧٤).

(پیرەمێرد) دەڵێت:

ئۆخەی سەد شوکور دەرچووەوە ژیان

لاچوو تاریکی پێش چاوی تودان. (دیوانی پیرەمێرد: ١٩٩٠، ٢٥٤).

لەم دوو دێرە هۆنراوەی سەرەوەدا، مۆرفیمی (لا) لەهەردوو دەربڕینی (لانادەم) و (لاچوو)دا، وەکو مۆرفیمێکی وشە داڕێژ ئەرکی بینیوە و وشەی ناسادەی نوێی دروستکردووە، کە کاری ناسادەن.

لەم دوو وشەیەدا، ناتوانین مۆرفیمی (کن) لەبری مۆرفیمی (لا) بەکاربهێنین.

(هێمن) دەڵێت:

لاگرێ[٨] سوڵحە تەواو ڕەنجبەری وشیاری کورد

چاوەنۆڕی دەرفەتێکە خەڵکی لادێ و شاری کورد (هێمن: ١٩٧٤، ١٢٢).

+ (پیرەمێرد) دەڵێت:

لاگیرەی[٩] زێرە قەتارەی گوڵزار

هەیاسەی پشتە، زنجیرەی ڕووبار. (دیوانی پیرەمێرد: ١٩٩٠، ٣٢٢).

ـ لەم دوو دێرە هۆنراوەی سەرەوەدا، مۆرفیمی (لا) وەکو مۆرفیمێکی وشە داڕێژ ئەرکی بینیوە و بەهۆی ڕەگی چاوگەوە، وشەی ناسادەی نوێی دروست کردووە، کە ناوی بکەرین. دیسانەوە ناتوانین لەم دوو وشەیەدا، مۆرفیمی (کن) لەبری (لا) بەکاربهێنین.

+ من لایەکی دیوارەکەم ڕووخاند.

ـ لەم ڕستەیەدا، مۆرفیمی (لا) ئاوەڵکاری شوێنە و بەواتای (بەشێك) هاتووە و واتای کاری ڕستەکەی تەواو کردووە، وشەی (دیوارەکە)ش، بەرکاری ڕاستەوخۆیە، هەرچەندە (هیدایەت عەبدوڵڵا) لەنامە ماستەرەکەیدا، ، بە هەڵە مۆرفیمی (لا)ی بە بەرکار داناوە. (هیدایەت عەبدوڵڵا: ١٩٩٣، ٤٩).

نوسەر و ڕۆماننوسی چیك (میلان کۆندێرا) دەڵێت: (بۆ زانینی گەمژەیی هەر کۆمەڵگەیەك، سەیری ڕێژەی دەنگدانیان بکە لە هەڵبژاردندا، هەمیشە گەمژەکان لایەنی زۆرینە دەگرن).(سەردار سووسەیی: ٢٠١٤، ١٦٢). لێرەدا، وشەی (لایەن) بە واتای (تەرەف) دێت وئاوەڵکارێکی شوێنییە .

لە کرمانجی ژووروشدا، لەبری (لا)دا، فۆرمەکانی تری وەك: (ئالی، نك، دەف، دەڤ، جەم) بەکاردەهێنرێت، وەك ئەم نموونانە:

- کەرەمکە ئالی مە ڕوونیشە. (فەرموو لای ئێمە دانیشە).
- ل نك مرۆڤێ نەخۆش زۆر نەڕوینە. (لەلای مرۆڤی نەخۆش زۆر دامەنیشە).
- کتێبێ من ل جەم هەڤالی بوو. (کتێبی من لەلای هەڤاڵ بوو).

**٣-٣: مۆرفیمی ( لا ) لەگەڵ هەندێك کارو فۆرمی لابەلاو جیاوازدا:** مۆرفیمی (لا)، لە زۆر ڕستە و شوێندا، لە کاری ئاوەڵکاری دەکەوێت و مەبەست و واتای تری جیاواز دەبەخشێت. واتا ئەم مۆرفیمە لە کارە بنچینیەکەی خۆی لادەداو دەست بەرداری دەبێت، بۆ نموونە:

- بە میوانی لامدا ماڵیان .

لەم ڕستەیەدا، فۆرمی (لامدا) بە واتای (چوومە) یان (بوومە) دێت، چونکە دەتوانین لە بری (لامدا) فۆرمەکانی وەك (چوومە) و (بوومە) بەکاربهێنین. لەوکاتەشدا ڕستەکە بەم شێوەی لێدێت: (بە میوانی چوومە ماڵیان)، (بوومە میوانی ماڵیان).

- ئەوەی گرفتە لە ڕێگەکەدا لامدا.

لەم ڕستەیەدا، فۆرمی (لامدا) بە واتای (نەهێشتن و لادان) دێت، ئەرکی مۆرفیمی (لا) وەك ئاوەڵکارێکی ئەرێ دەبێت، هەر بۆیە بەبێ ئەو مۆرفیمە دەتوانرێ ئەو ڕستەیە بەم شێوەش دەربېڕدرێت: (ئەوەی گرفتە لە ڕێگەتان نەمهێشت).

- بلا بۆ کوندەبۆ بێ مفتی مشك و ماری کەندووێ .

لەم دەقەدا، مۆرفیمی (لا) لە وشەی (بلا)دا، بەیارمەتی مۆرفیمی (ب) وشەیەکی دروستکردووە، کە واتای (دەبا) دەگەیەنێت.

- بەبێ لام و جیم وتی باشە ! ؟

لەم دەقەدا، مۆرفیمی (لا) وەکو ناوێك هاتووە، واتای وشەکەش ئەوە دەگەیەنێت بێ ئەوەی بڵێ (لەبەرچی و بۆچی).

- (ئەی لاتی بێ لات، کە من هاتمە لات، بێ لامەبە، لام لێ بکەوە، تا جارێکی تر بێمەوە لات، لات وانەبێ کە منیش وەك تۆ لاتم).

لەم دەقەدا، هەشت کەڕەت مۆرفیمی (لا) هاتووە: (لات)ی یەکەم بە واتای هەژار و کەم دەرامەت هاتووە و وشەکە یەك فۆرمە و (لا) بەتەنیا مۆرفیمێك نییە.

وشەی (لات)ی دووەم، بەواتای (لات)ی زەوی هاتووە و لەمەشدا (لا) مۆرفیمی سەربەخۆ نییە و بەڵکو بەشێکە لە وشەکە و بنچینەی وشەکەیە. وشەی (لات)ی سێیەم، بە واتای (لای تۆ) هاتووە و (لا) مۆرفیمێکی سەربەخۆیە و لەگەڵ جێناوی لکاوی (ت) فرێزێکی دروستکردووە.

لە وشەی (بێ لا)شدا، (بێ) و (لا) دوو مۆرفیمی جیاوازن و ئاوەڵناویان دروستکردووە.

لە وشەی (لام)یشدا، (لا) مۆرفیمە و لەگەڵ جێناوی لکاوی (م)دا، گرێیەکیان دروستکردووە.

لە فۆرمی (لام لێ بکەوەشدا، مۆرفیمی (لا) سەربەخۆیە و واتای کۆی فۆرمەکەش بە واتای (تۆ لایەك لەمن بکەوە) دێت.

له فۆرمی (بێمەوە لات) یشدا، فۆرمی (لات) بەواتای (لای تۆ) دێت له فۆرمی (لات وانەبێ)شدا، فۆرمی (لات) بەواتای (لای تۆ) دێت له کۆتایشدا، دوا فۆرم که فۆرمی (لاتم)ه، بەواتای هەژاری و کەم دەرامەتی دێت. (مـن هـەژار و کـەم دەرامەتم).

**٣-٤: مۆرفیمی ( لا ) و دیاردەی تەمومژی له زماندا:** دیاردەی تەمومـژی (لێڵـی ـ Ambiguity) لـه زمانـدا، بریتییـه لەوەی، که وشەیەك یان ڕستەیەك گوزارشت له واتایەك زیاتر بکات. (Crystal: ١٩٩٢, ١٧).

بوونی هاوبێژی[١٠] و فرەواتایی[١١] وەکو دوو دیاردەی واتایی، هۆکاری سەرەکی و گرنگی پەیدابوونی دیاردەی تەمومژین لەزماندا.

له هەندێ باردا، لەو وشه ناسادانەی، که مۆرفیمی (لا) بەشداری له دروستبوونیاندا دەکات، ئەم دوو دیـارده بەرچـاو دەکەوێت و دیاردەی تەمومژی دروست دەکەن، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە.

- (دیاره ئەویش لاته).

لـەم ڕسـتەیەدا، وشـەی (لاتــه)، کـه بـەهۆی مـۆرفیمی (لا)وە، دروسـتبووه، وشـەیەکی هاوبێـژه و تەمومـژی دروستکردووه، چونکه زیاتر له واتایەك دەگەیەنێت، وەك:

١ـ بەواتای (لایەتی و هاریکاریەتی) دێت: دیاره ئەویش لایەتی.

٢ـ به واتای (کەم دەرامەتی و هەژاری) دێت: دیاره ئەویش کەم دەسەلات و هەژاره (صباح رشید قادر: ٢٠٠٠، ٢٠).

٣ـ بەواتای (لای تۆ) دێت: (دیاره ئەویش لەلای تۆیه).

- لەشەڕەکه کەسم لانەبوو) ئەم ڕستەیەش بەدوو واتا دێت:

١ـ واته له شەڕەکەدا کەسم لەلا نەبوو.

٢ـ واته له شەڕەکەدا کەس لایەنگیرم نەبوو.

- یان وشەی (لامل) بەدوو واتا دێت:

١ـ بەواتای بەشێك لەمل که ئەندامێکی لەشی مرۆڤە، دێت، هەروەك دەوترێت: (لاملێکم به ئازاره).

٢ـ بەواتای کەله ڕەقی و عینادی کردن دێت، هەروەك دەوترێ: (لەگەڵ مامۆستا لاملی کردووه).

## ئەنجام

١ـ مۆرفیمی (لا)، مۆرفیمێکی چالاك و بە بەرهەم و بەپێزە و بەشداری لە دروستکردنی چەندین وشەی نوێدا دەکات.

٢ـ مۆرفیمی (لا) لە زۆربەی بارەکاندا، ئاماژە بەشوێن دەکات و شوێنی ڕوودانی کار ڕووندەکاتەوە، بەڵام دەگونجێش، ئەرکی جیا جیای تر و واتای جیا جیا ببەخشێت.

٣ـ لە کوردی ناوەڕاستدا، بە زۆری مۆرفیمی (لا) بەکاردێت و لەهەموو ئەلۆمۆرفەکانی تر زیاتر چالاکترە. لە کرمانجی ژووروشدا، بە زۆری مۆرفیمی (ئالی) بەکاردێت.

٤ـ لە دۆخی خستنەپاڵدا، لەگەڵ مۆرفیمی (لا) دا، زیاتر ئامرازی دانەپاڵی (ی) بەکاردەهێنرێت و لەگەڵ مۆرفیمی (کن) یشدا، زیاتر ئامرازی دانەپاڵی (ە) بەکاردێت. لە هەندێ باریشدا، دانە پاڵەکە بەبێ ئامرازی دانەپاڵ دێتە ئاراوە. بەزۆریش مۆرفیمی (لا) لە ئەرکی (دیارخراو)یدا، دەبێت.

## پەراوێزەکان

١. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی مۆرفیم و جۆرەکانی، بڕوانە: (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح رشید قادر: ٢٠٠٦) .

٢. لە هەندێ باریشدا، لە زمانی فارسیدا، مۆرفیمی (لا) وەکو شێوە پاشگر (شبەپسوند) نەك پاشگری تەواو بەشداری لە داڕشتنی ئاوەڵناوی نسادەدا دەکات و بە زۆریش بە ژمارەوە دەلکێت، وەك: (دولا، سەلا،... تاد) (خسرو فرشید ورد: ١٣٨٦، ٤٠٢ ـ ٤٠٣).

٣. (ڕزگار کەریم: ٢٠٠٤، ٢٣٩ ـ ٢٨٠).

٤. (مسعود خالد گولی: ٢٠٠٢، ١١٩ ـ ١٩٨).

٥. (هەژار: ١٣٨٨، ٧٤٧).

٦. بۆ ئەم بابەتە سوودم لە هەردوو سەرچاوەی (ئەحمەد هیرانی: ٢٠٠٩ أ، ١٢، ١٣، ١٦، ١٧) و (ئەحمەد هیرانی: ٢٠٠٩ ب، ٥، ٦) وەرگرتووە.

٧. بۆ ئەم بابەتە سوودم لە سەرچاوەی (ئەحمەد هیرانی: ٢٠٠٩ ب، ٧ ، ١٦) وەرگرتووە.

٨. لاگر: لایەنگیری

٩. لاگیرە: جۆرە خشلێکە ژنان لەسەر سەرپێچەوە دەیدەن لەسەریان. (شێخ محەمەدی خاڵ: ٢٠٠٥، ٤٢٣ ـ ٤٢٤).

١٠. هاوبێژ (Homonymy): یەك فۆرم، کە دوو واتا یان زیاتری هەبێت، (Lyons: ١٩٦٩, ٧)، بەمەرجێك واتاکان لەیەك دووربن و هیچ پەیوەندییەکی واتایی بەیەکیان نەبەستێتەوە.

١١. فرەواتایی (Polysemy): هاتنی دانەیەکی فەرهەنگییە، بەچەند واتایەکی جیاوازەوە. (Crystal: ١٩٩٢, ٣٠٧)، بەمەرجێك واتاکان لەیەك نزیك بن و پەیوەندییەکی واتایی بەیەکیان ببەستێتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


- ئەحمەد هیرانی (٢٠٠٩ أ)، هەندێ وردەکاری و تێبینی لە بەکارهێنانی مۆرفیمی ـ لا ـ لە ڕێزمانی کوردیدا، بەشی یەکەم، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (١)، هەولێر.
- ئەحمەد هیرانی (٢٠٠٩ ب)، هەندێ وردەکاری و تێبینی لە بەکارهێنانی مۆرفیمی ـ لا ـ لە ڕێزمانی کوردیدا، بەشی دووەم، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (٢)، هەولێر.
- جمال حبیب الله (٢٠١٠)، وشەنامە (هۆرامی ـ کوردی ناوەڕاست)، چاپخانەی سپیریز ـ دهۆك، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- ڕزگار کەریم (٢٠٠٤)، شایان (فەرهەنگێکی ((کوردی ـ عەرەبی))یە، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ڕەفیق محەمەد شوانی (٢٠٠٨)، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، چاپخانەی خانی (دهۆك)، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ڕۆژان نوری عبدالله (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- ساجده عبدوڵلا فەرهادی (٢٠١٤)، جۆرەکانی خستنەسەر (الاضافة) لە زمانی کوردیدا . گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە (٢٩) ، هەولێر .
- شێخ محەمەدی خاڵ (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، هەولێر.
- شێروان حسێن حمد (٢٠١٤)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- صباح رشید قادر (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرە واتایی لە (گیرەك)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- عەباسی جەلیلیان (٢٠٠٤)، فەرهەنگی باشور (کوردی ـ کوردی ـ فارسی)، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
- فاروق عومەر سدیق (٢٠١٣)، پێز و بەرهەمی وشەی (سەر) لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە (٤٢).
- مسعود خالد گولی (٢٠٠٢)، فەرهەنگی گولی (فارسی ـ کوردی)، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، چاپا ئێکێ، هەولێر.
- محەمەد سالح پێندرۆیی (٢٠١٠) فەرهەنگا کانی (کوردیا ژووری ـ کوردیا ناوەڕاست)، چاپخانەی سپیریز ـ دهۆك، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- محەمەد مەعروف فەتاح و سەرباح رشید قادر (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
- محەمەد ناهید (٢٠١١)، فەرهەنگی ناهید (کوردی ـ کوردی ـ فارسی)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- هەژار (١٣٨٨)، هەنبانە بۆرینە، چاپخانەی سروش، چاپ ششم، تهران.

- هیدایەت عەبدوڵلا (١٩٩٣)، پێشپرتك و پاشپرتك لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- یوسف شەریف سەعید (٢٠١٣)، وشەسازی، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- دووەم: سەرچاوەکان بەزمانی فارسی:
- حسن انوری وحسن احمد گیوی (١٣٩٠)، دستور زمان فارسی٢، ویرایش چهارم، چاپ اول، مؤسسه فرهنگی فاگمی، چاپخانه فاشع، تهران.
- خسرو فریشد ورد (١٣٨٦)، فرهنگ پیشوندها وپسوندهای زبان فارسی، چاپ اول، انتشارات زوار، تهران.

**سێیەم: سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی:**

- Bloom Field, L. (١٩٥٤), Language, New York: Henry Holt and company.
- Crystal. D. A, (١٩٩٢), A dictionary of Linguistics phonetics, London, Black Well: oxford.
- Lyons, J. (١٩٦٩), Introduction to theoretical Linguistics, Cambridge University press: Cambridge.
- Rad ford, A. (١٩٩٧), Syntax, A minimalist introductions, Cambridge University press: Cambridge.
- Taft wah be and C. G. Edmonds (١٩٦٦), A Kurdish English Dictionary, London.

**سەرچاوەی نموونەکان:**

- سەردار سووسەیی (٢٠١٤)، ئەو وتانەی ژیانمان دەگۆڕن، چاپخانەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر.
- دیوانی پیرەمێرد (١٩٩٠)، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: فائق هۆشیار و ئەوانی تر، بەرگی یەکەم، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا.
- دیوانی نالی (١٩٧٦)، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریم مدرس و فاتح عبدالکریم، بەغدا.
- هێمن (١٩٧٤)، تاریك و ڕوون، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا.

**ملخص البحث**

يعتبر مورفيم - لا - في اللغة الكردية من المورفيمات الفعالة والمنتجة وان اهمية ودور هذا المؤرفيم الانتاجى والرابع فى اللغة من العوامل التى تساهم فى تنمية وتطوير معجم اللغة الكردية.

من هذا المنطلق فان هذا البحث والذى يحمل عنوان (مورفيم - لا - فى مستوى القواعد و المدلول (المعنى) فى اللغة الكردية ) وان مجال البحث والذى يشمل مستوى القواعيد ومستوى المدلول (المعنى) و هذا عبارة عن جهد لتعريف هذا المورفيم اكثر. هذا وناهيك عن أننا ومن خلال هذا الدراسة نريد ان نقدم توضيحات اكثر عن مورفيم - لا - عن طريق مدخل البحث ونحاول ان نظهر الجوانب الخفية لهذا المورفيم الفعال والقيم.

ان هذا البحث يندرج اكثر ضمن اطار اللهجة الكردية الوسطى و ان المعلومات المستخدمة فى البحث هي عبارة عن الجمل البسيطة المتداولة بين الناس بالاضافة الى شعر اشعراء.

يتكون هذا البحث من فصلين بالاضافة الى المقدمة والمدخل والاستنتاجات وقائمة المصادر: يتطرف الفصل الاول الى: (مفهوم ومصطلع مورفيم - لا -، ماذا يعنى مورفيم - لا -، مورفيم - لا - على مستوى الصرفى (المورفولوجى) وكذلك مورفيم - لا - كمورفيم قابل لصياغة الكلمات، يتناول الفصل الثانى:- (مورفيم - لا - و دورة فى العبارة والجملة والنص، وظيفة مورفيم - لا - فى الجملة، مورفيم - لا - واجزاء الكلام الاخرى، مورفيم - لا - وعبارة مقيدة . ثم يتناول الفصل الثالث : المعنى الدلالى لمورفيم (لا) و غموض في معاني هذا المورفيم .

## Abstract

Morpheme La in Kurdish is one of the active and productive Morphemes whose productivity and fertility besides its significance in language play a great role in enriching the Kurdish language dictionary, this paper which is entitled "Morpheme la in grammar and semantic levels in Kurdish language" and the scope of the study, which revolves around the level of the text (post sentence) as well as semantic levels, aim at introducing this morpheme furthermore.

This research tries to display more information about morpheme la through the introduction and it seeks to reveal the potential facets of such a vital morpheme.

The language this study depends on belongs to the central Kurdish dialect in which the simple sentences uttered by people in addition to the poems of the poets compose the data used in this paper.

This study is composed of two principal sections besides the abstract, the introduction, the conclusion, and the list of references.

Section one comes across the concept and terms of morpheme la, what dose it imply, morpheme la on morphological level, morpheme la as a word formation morpheme.

Section two deals with morpheme la and its role in phrase and sentence, the function of morpheme la in the sentence, morpheme la and other parts of speech, morpheme la and la and bound phrase, and morpheme la and ambiguity.